www.kurdistannet.org

# شایەرێکی قەڵەمکێش

ڕەخنە: تەنیا خوێندنەوە و شیکردنەوەی دەقێک نییە، بەڵکوو ڕۆنانی تەلاری دەقێکی نوێیە، لەسەر بناغەی دەقی بەسەرکراوە. دەشێ دەقێکی نوێ دەنگدانەوەی دەقێکی دێرین بێ، بەڵام ڕەخنە دەنگدانەوەی هاواری دەقێک نییە، هاوارێکی دیکەیە. هەر ڕەخنەگرێ لە تێروانینی تایبەتی خۆیەوە دەق دەهێنێتە گۆ، دەیکاتەوە و بە دیوی ناوەوەیدا شۆڕ دەبێتەوە. نابینا کەسێکە تەنیا ئەو شتانە ببینێ کە بە چاو دەبینرێن، ڕەخنەگر تەنانەت ئەگەر وەک تەها حسێن کوێریش بێ، هەر بەرچاوی خوێنەر ڕۆشن دەکاتەوە.

مەهداوی دەیگوت عێراقییەکان ئەو وشانەش دەخوێننەوە کە کوژاونەتەوە. ئەو ڕەخنەگرەی تەنیا سەرقاڵی لێکدانەوەی ئەو وشانە بێ، کە دەقەکەیان پێک هێناوە، ئەوە لێنین گوتەنی: لەو پشیلەیە دەچێ کە بە دەوری قاپێک شۆربای گەرمدا دەسووڕێتەوە، بەڵام دەمی بۆ نابات. ڕەخنەگر دەبێ پەی بە دنیای ئەو دیوی وشەکان ببات.

ڕەخنەگر ئەگەر زاتی نەکرد بە ڕاشکاوی هەموو شتێ بڵێت، چاکتر وایە بێدەنگ بێت. هەموو دەسەڵاتێک ئەو بەرهەمانە پەسەند دەکا، کە ئاو بە ئاشی ئایدۆلۆژیای خۆیدا دەکەن، ڕەخنەگر نابێ گوێڕایەڵی دەسەڵات بێ، دەبێ دژی سەرکوتگەر بێ، ئیدی قەشە بێ یان مەلا، سەرەکتیرە بێ یان سکرتێری حیزب، پۆلیس بێ یان دۆکتۆری دەروونناس.

بە پێی لێکدانەوەی لیڤی شتراوس ئەفسانە شێوە گوتارێکە دابڕاو لە گێڕەرەوەکەی، بەڵام ڕۆڵان بارت مەبەستی لە مەرگی نووسەر ئەوە نییە، کە نووسەر لە دەقەکەیدا بزرە، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە، ڕەخنەگری بونیادخواز بایەخ بە نووسەری دەق نادات. با ڕەخنەگر باس لە نووسەری دەقیش نەکا، بەڵام ناتوانێ نووسەر لە دەقەکەی جیا بکاتەوە. کێ دەتوانێ ‹بۆ هیوای کورم› بخوێنێتەوە و ‹گۆران›ی باوک لەو شیعرەدا نەبینێ؟

ڕەخنەگریش وەک هەر نووسەرێکی دیکە لە ناو نووسینەکانیدا دەژی و بێلایەنیش نییە، دەشێ نووسەرێکی خۆش بوێ، بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی زادەی خۆشەویستی نییە. ڕۆژانە باوکان کوڕیان دەمرێ و باوکیش نییە کوڕی خۆی خۆش نەوێ، کەچی تەنیا گۆران شینێکی نەمر بۆ مەرگی کوڕەکەی دەگێڕێ. کەواتە ئەو دەقە باڵایە تەنیا بەرهەمی خۆشەویستی نییە. نە ئەوینێکی بێ سنوور و نە ڕقێکی ئەستوور، هیچ کامیان ناتوانن ببنە هەوێنی لە دایکبوونی ڕەخنەیەکی ئەدەبی.

ڕەخنەی ئەدەبیش وەک هەر بەرهەمێکی دیکە کارێکی داهێنەرانەیە.

ڕەخنەگر دەقەکە دەکاتە پێوانە، نەک پێوەندیی خۆی بە نووسەری دەقەکەوە. ‹پێم بڵێ کێ لەسەر کێی نووسیوە، پێت دەڵێم چۆنی لەسەر نووسیوە.› ئەوی لە ڕوانگەی پێوەندیی چاک یان خراپی نێوان خۆی و نووسەری بەرهەمەکەوە، بڕوانێتە بەرهەمەکە، ڕەخنەگر نییە، یان شایەرە و چاوەڕێی شاباشی نووسەری بە ناڕەوا ستایشکراوە، یان قەڵەمکێشە و بە هیوای بەخشیشی نەیارانی نووسەری بە ناهەق پەلاماردراوە، یان هاوزەمان ئەمیشیانە و ئەویشیان.

حەمەسەعید حەسەن